# کاریگەری ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لەسەر دەستکەوت لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی جوگرافیا

هەردی سعید فرج أمین
hardi.faraj@univsul.edu.iq
پ.ی.د. احمد علی حمە
Ahmad.baban56@yahoo.com
پ.ی.د. بشری قادر کریم زەنگەنە
bushra-kareem@ uniuvsul.edu.iq

بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی،سلێمانی، هەرێمی کوردستان-عێراق

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/٢٨ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١٥/٥/٢٠

**پوختـەی توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیە باس لە کاریگەری ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لەسەر دەستکەوت لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی جوگرافیادا دەکات، ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی (کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لەسەر دەستکەوت لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی جوگرافیا)، توێژەر پشتی بەدیزاینی ئەزمونیی بەستووە، کە بە گونجاوی زانیوە لەگەڵ ڕێکارەکانی ئەم توێژینەوەیە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش بریتییە لە قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە، بۆ دەستنیشانکردنی نموونەی توێژینەوەکەش توێژەرە بە مەبەست (قوتابخانەی بانەی بنەڕەتی)ی هەڵبژارد، بە شێوەی هەڕەمەکی دوو گروپ هەڵبژێردرا بۆنموونەی توێژینەوەکە، کە ژمارەیان (38) قوتابی بوو، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لقی (ج) بوو بە گروپی ئەزموونی کە ژمارەیان (19) قوتابی بوو وە لقی(أ) بوو بە گروپی کۆنترۆڵکراو بە هەمان شێوە ژمارەیان (19) قوتابی بوو، پاشان توێژەر هاوسەنگی لە نێوان هەردوو گروپدا کرد لەگۆڕاوەکانی(نمرەی بابەتە جوگرافیای ساڵی پێشوو، تەمەن، ئاستی زیرەکی، ڕادەی خوێندواری دایك وباوك، تاقیکردنەوەی زانیاری پێشینە)، توێژەر بۆ دیاریکردنی بابەتەکانی خوێندن لە ماوەی ئەزموونیدا، سێ بەند ی لە پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان هەڵبژارد، لەپێناو داڕشتنی ئامانجەکانی توێژینەوە و بەپێی سروشتی ناوەڕۆکی بابەتەکە مامۆستا (95) ئامانجی داڕشت لە سەر بنەمای پۆلێنکردنی بلۆم لە بواری مەعریفیدا بۆ هەریەکە لە ئاستەکانی(بیرهێنان، تێگەیشتن، جێبەجێکردن)، ئامادەکردنی پلان بۆ هەردووگروپی توێژینەوە، پاشان توێژەر هەستان بە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەك لەسەر دەستکەوتی خوێندن کە پێکهاتبوو لە (30) برگەی تاقیکردنەوە لە جۆری (هەڵبژاردن) بە پێی دروستکردنی نەخشەی تاقیکردنەوە، بۆ دڵنیابوون لە ڕاستێتی برگەکانی تاقیکردنەوەکە، خرایە بەردەست کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆران، بۆ جێگیریشی توێژەر شێوازی تاقیکردنەوەی دووبارە تاقیکردنەوەی

بەکارهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T.test ) بۆ ئامارکردنی داتاکانی توێژینەوەکە، توێژەر پشتی بەست بەرنامەی ( spss 26 )بۆ شیتەڵکردنی ئامارییی، بە خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش ئەوە دەردەکەوێ کە جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونیی و گروپی کۆنترۆلکراو لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن لە بەرژەوەندی قوتابیانی گروپی ئەزموونیدایە، لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانیش توێژەر گەیشت بە چەند دەرئەنجامێك کە بە گشتی جەخت دەکاتەوە لە سەر کاریگەری ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لە وانە وتنەوەدا، لە کۆتایشدا توێژەر پێشنیازی چەند ناونیشانێکی کرد بۆ ئەوەی لە داهاتوودا توێژەران توێژینەوەی لە سەر بکەن

Jzsb.univsul.edu.iq JZSB p-ISSN:1813-0852,e-ISSN:2617-3034

**کلیلە وشەکان**: کاریگەری، ستراتیژ، نێردراوی گەڕۆك، دەستکەوت .

**پێشەکی:** ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك: شێوازێکی کاریگەرە و ئەم ستراتیژە لەسەر بنەمای فەلسەفەی(فێربونی هاوبەشی چالاك) و بەشداری ئەرێنی لە نێوان قوتابیان و ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوانیاندا دامەزراوە، کە ئەرکی تەواوکردنی لە پۆلدا بە قوتابیان دەسپێردرێت، بەو پێیەی لە ئەنجامدا قوتابیەکان بتوانن سودمەندبن لە یەکتر، وە ئەو فیدباکەشی کە پێشکەشیان دەکرێت بەشدارییەکی کاریگەر دەکات لە دەستکاریکردنی وەڵامی قوتابیان و ئاراستەکردنیان بە ئاراستەیەکی دروست، ناوەڕۆکی ئەم ستراتیژە لە سەر بنەمای دابەشکردنی قوتابیانە بەسەر گروپەکاندا و پاشان ئەنجامدانی پرۆژەیەك یان دۆزینەوەی چارەسەر بۆ پرسێك یان گرفتێك، ئەم ستراتیژە ئەو ڕێکارو هەنگاوانە لە خۆدەگرێت کە دەبێت بنرێت بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە یان دۆزینەوەی چارەسەرەکە.

**بەشی یەکەم:**

**1-1کێشەی توێژینەوەکە:**

ڕێگا و شێوازەکانی وانەوتنەوە فاکتەری سەرەکی بەرجەستە بوونی ئامانجە گۆڕاوەکانی مرۆڤی سەردەمەو یەکێکە لە گرنگترین پێکهاتەکانی پرۆسەی پەروەردە لەبەرئەوەی فاکتەری سەرەکی بەرجەستە بوونی ئامانجە مەعریفی و ڕەفتاریی و سۆزدارییەکانە و فاکتەری سەرەکی پێشکەوتنە لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیان.(حەمەدەمین، 2014: 14،13).

بەکارهێنانی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی کلاسیکی لەلایەن مامۆستایانەوە لە ناوەندەکانی خوێندندا بووەتە هۆی کەمبوونەوەی دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیان و لاوازی حەزو خولیایان بۆ بابەتەکانی خوێندن، وانەوتنەوە کارێکی ئاسان نییە بەڵکو ئەرکێکی گران وئاڵۆز و پیشەیەکی هونەری وردە، کە پێویستی بە مەعریفەیەکی جۆراوجۆرو توانا و لێهاتویی بەرزو کۆمەڵێك چالاکی لێکدراو هەیە, ئەرکێکی گشتی نییە و بە تەنهاش بە واتای گواستنەوەی زانیاری بۆ قوتابی نایەت، بەڵکو لە بنەڕەت دا بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری تاك بە ئامانج دەگیرێت.(رسول، 2014: 11)

زۆربەی توێژینەوەکانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە ئەو ڕێگایانەی لەئێستادا بەکاردەهێنرێن وەڵامدەرەوەی پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونەکانی بواری وانەوتنەوە نین، چونکە بەکارهێنانی ڕێگاو ستراتیژی کلاسیکی لەوانەوتنەوە تەنها جەخت دەکاتەوە لە سەر ئەزبەرکردن و دەرخستنی ئەو زانیاریانەی کە لە کتێبی خوێندندا هەیە یان ئەوەی لە لایەن مامۆستاوە ئامادەکراوە. (الساعدی،2015: 4)، ئەم ڕاستییەش لە لایەن هەریەك لە توێژینەوەکانی (میکە،2010: 94) (حسن،2023: 3) (عارف،2023: 2)پشت ڕاست کراوەتەوە.

توێژەر لەم توێژینەوەیدا یەکێك لەو لایەنانەیان هەڵبژاردووەکە ڕێگا نوێیەکانی وانەوتنەوەیە، لە ئەنجامی بە دواداچوونی توێژەر بۆ توێژینەوەکان کە لەم بوارەدا ئەنجام دراون بۆی دەرکەوت کە بە زمانی کوردی هیچ توێژینەوەیەك نییە لە سەر ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك ، بۆیە توێژەر وای بە باش زانی ئەم ستراتیژە بەکاربهێنێن بۆ زانینی ڕادەی دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەم لە بابەتی جوگرافیا, هەر بۆیە هەوڵی داوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیژی نێردراوی گەڕۆکەوە گرفتەکانی توێژینەوەکە بەشێوەی پرسیار بخەنەڕوو بەم شێوەیە :

ئایا بە کارهێنانی ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك، کاریگەری دەبێت لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی؟

**2-1گرنگی توێژینەوەکە:**

ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە وا لە قوتابی دەکەن ببن بە چەقی پرۆسەی فێرکاری و فێربوون و لە ڕێگەی یاریکردن و چێژو خۆشی فێردەکرێن نەوەك بە شێوازی ببیستەو لەبەری بکە(ئەزبەرەیبکە)، ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە پۆلێکی پڕ لە خۆشی و پڕ لە جوڵە و کەشێکی ئارام بە قوتابیان دەبەخشێت کە دەرئەنجام فێربوونێکی کارای لێ دەکەوێتەوە، فێربوونێك دەتوانێت بەکاری بهێنێت لە هەڵوێستێکی نوێ و جیاواز هەروەها کاراش بێت بەوەی بتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆرتر بمێنێتەوە لە هزرو ڕەفتاری قوتابیاندا(عەزیز، 2021: 7)

یەکێك لە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاك بریتییە لە ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك، ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك، بە یەکێك لە ستراتیژەکانی فێربوونی چالاك دادەنرێت کە تایبەتمەندە بە گونجانی لەگەڵ کاری پرۆژە جۆراوجۆرەکان و تاقیکردنەوە زانستییەکان و بابەتە مرۆییەکان، بەو پێیەی ستراتیژەکە لە سەر بنەمای پەیوەندی و وابەستەی ئەرێنی نێوان قوتابییەکان و کارەکەیان لە کاتی فێربووندا بنیات نراوە، هەروەك چۆن ئامانجەکانیشیان دادەنێن لە سەر بنەمای سەرکەوتنی هەمووان لە ئەنجامدانی ئەو کارەی کە پێیان سپێردراوە لە سەر بنەمای هەوڵ و تێکۆشانی هەموو تاکێکی ناو گروپەکە، نێردراوی گەڕۆکیش ئەو ئەرکانە ئەنجام دەدات کە پێی سپێردراوەو دەبێت هەوڵی تەواوەتی بدات بۆ ئەوەی گروپەکەی بە ئامانجەکانی بگات، بەمەرجێ ئەندامەکانی تری گروپەکەش هەوڵێکی خۆیان بدەن و بە شێوەیەکی ئەرێنی کاربکەن.(الخفاجی,2015: 27)

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینەڕوو:

- بە سوودە بۆ مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا، بەشێوەیەکی گشتی، لە ڕووی چۆنییەتی پراکتیزەکردنی هەنگاوەکانی وانەوتنەوە بەم ستراتیژیەتە و لە هەمان کاتدا گونجاوە بۆ وتنەوەی بابەتەکانی تر، کە لە توێژینەوەی (المشهدانی، 2012) و(عاجل،2019) سەلمێندراوە .
- بەسوودە بۆ ئەو لایەنانەی بەرپرسن لە کردنەوەی خول و مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان و بەشداربوو لە سەر چۆنیەتی بە کارهێنانی، تاوەکو دواتر سوود لێوەربگرن لە وانەوتنەوەکانیاندا.
- ئەم ستراتیژییە وا لەقوتابیان دەکات چەندین لێهاتوویی وەک خوێندنەوە و دروستکردنی پرسیار و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان پەرەپێ بدەن و بەشێوەیەکی چالاك بەشداری لەوانەکەدا بکەن.

**3-1ئامانجی توێژینەوە:**

زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی نێردراوی گەڕۆك لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی جوگرافیا

**4-1 گریمانەی توێژینەوە:**

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونی کە بە ستراتیژییەتی نێردراوی گەڕۆك وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندی ژمێرەیی نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو کەهەمان بابەت بەڕێگەی ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن .

**5-1 سنوری توێژینەوەکە:**

**سنوری بابەتی:** بەندەکانی (یەکەم , دووەم , سێیەم)پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/ جوگرافیا بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، چاپی یەکەم بۆ ساڵی(2023).

**سنوری مرۆیی:** قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە.

**سنوری کات:** وەرزی دووەم ساڵی خوێندنی (2024-2025) لە (2025/1/26)بۆ(2025/3/27)

**سنوری شوێن:** قوتابخانەی (بانە) ی بنەرەتی

**6-1: پێناسەی زاراوەکان:**

**1-6-1: کاریگەری:**

- **(شحاتة و النجار 2003 )** برتییە لە خستنەرووی ڕادەی کاریگەری گۆڕاوێکی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوێکی پاشکۆ یان چەند گۆڕاوێک. (شحاتةو النجار ,2003: 230).
- **پێناسەی ڕێکاریی توێژەران:** بری کاریگەری چاوەڕوانکراوە لە بەکارهێنانی ستراتیژی نێردراوی گەڕۆک (گۆڕاوی سەربەخۆ) لە سەر هەردوو گۆڕاوی پاشکۆ، دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەمی لە بابەتی جوگرافیا.

**2-6-1:ستراتیژ**

- **(قادر, 2023)** هونەری بەکارهێنانی تواناو هۆکارو ئامرازە بەردەستەکانە ، بە ڕێگایەکی نمونەیی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو بە باشترین شێوەی لە توانادایە، واتە ستراتیژ ڕێگایەکی دیاریکراوە بۆ چارەسەرکێشەیەك یان دەستکردن بە ئەرکێك یان شێوازێکی پراکتیکییە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو(قادر، 2023: 14).
- **پێناسەی ڕێکاریی توێژەران** : کۆمەڵێك ڕێکاری وانەوتنەوەیە کە لەلایەن مامۆستاوە دەگیرێتەبەر بەپێی پلانێکی ئامادەکراو لەکاتی وانەوتنەوەدا جێبەجێ دەکرێت، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی وانەوتنەوە بەشێوەیەکی کاریگەر بەپێی ئەو توانایانەی کە لە بەردەستیدایە.

**3-6-1: نێردراوی گەڕۆك:**

- **(الشمری، 2011)**یەکێکە لە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک بۆکارکردن لە پرۆژەوتاقیکردنەوە پراکتیکییەکان و کێشەکانی بیرکاری ،وە فیدباك بە قوتابیان دەدات و ڕوونکردنەوەی پێشکەوتنیان لەچالاکی وپرۆسەکانیشدا نیشان دەدات.(الشمری، 2011 : 36).
- **پێناسەی ڕێکاری توێژەران** : یەکێکە لە ستراتیژییەتەکانی فێرکردنی کارا کۆمەڵێک هەنگاو و ڕێکار لەخۆدەگرێت کە ڕێکخراوە یەک لە دوای یەک، توێژەر لەگەڵ قوتابیانی گروپی ئەزموونیی بەکاری هێناوە و چەندین کارامەیی وەک تێبینیکردن و پێوانەکردن وئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان و شرۆڤەکردنی داتاو زانیارییەکان پەرە پێبدات و بە مەبەستەی ئەوەی قوتابیان بەشێوەیەکی کاراو کاریگەر بەشداری لەوانەکەدا بکەن بەپێی ئەوپلانەی کە توێژەرەوە ئامادەی کردووە لە پێناو دەستکەوتی بەرز لە بابەتی جوگرافیا.

**بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری وتوێژینەوەکانی پێشوو**

**2-1 ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك:**

مەبەست لە ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك ، ئەوەیە کە یەکێك لە ئەندامانی گروپ هەڵدەستێت بە ڕۆیشتنی بۆ لای گروپەکانی دیکە لە ناو پۆلدا، بە مەبەستی وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری و گواستنەوەی ئەو زانیاریانە بۆ گروپەکەی خۆی تاوەکو لە شیکارکردنی ئەو پرسیارانەدا بەکاری بهێنن کە پێیان دراوە.(Heartland,2006:17)

ئەم ستراتیژە یەکێکە لە ستراتیژە گرنگ و بە سودەکانی فێربوونی چالاك، بەوپێییەی دەتوانرێت لە وانەوتنەوەی بابەتە جۆراوجۆرەکان و هەمووکاتە جیاوازەکاندا بەکاربهێنرێت.(امبوسعیدی وهدی،2016 :21)

توێژەر لەمیانی پراکتیزەکردنی ئەم ستراتیژەدا بۆی دەرکەوت،کە ئەم ستراتیژە پەرە بە تواناکانی قوتابیان دەدات بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و دەرفەت بۆ بەشداریکردنی هەموو یان دەرەخسێنێت وپاڵنەرەکانی فێربوونیان زیاد دەکات و متمانە بەخۆبوونیان پەرەپێدەدات، هەروەها پەرەپێدانی تواناکانی پەیوەندیکردنی قوتابیان و پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان و هەروەها لە نێوان قوتابیان و مامۆستایان و خۆشی و جووڵە و چالاکی بۆ پرۆسەی فێربوونزیاد دەکات، ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی قوتابیان بە هەموو هەستەکانیانەوە بەشداری بکەن لە وانەکەدا.

**1-1-2 هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك:**

ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لەسەر بنەمای کۆمەڵێك هەنگاو دامەزراوە کە لە کاتی وانەوتنەوەدا جێبەجێ دەکرێن، لەگەڵ ئەوەی مامۆستا کارەکان بەسەر قوتابیاندا دابەش دەکات بەمەبەستی شارەزابوون لەو ئەرکانەی کە پێیان سپێردراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی فێربوون، وە هەنگاوەکانی ئەم ستراتیژە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت کراوەتەوە:

1- دابەشکردنی قوتابیان لەناو پۆلدا بۆ چەند گروپێك، کە هەرگروپێك لە نێوان (4-6) قوتابی دا دەبێت.
2- پاشان مامۆستا پرسیارێکی دیاریکراو ئاراستەی گروپەکان دەکات، تاوەکو گروپەکان گفتوگۆی ئەو پرسیارە بکەن کە ئاراستەیان کراوە و شیکاری بکەن.
3- هەریەکە لە گروپەکان لە ناوخۆیاندا نێردراوێکی گەڕۆك هەڵدەبژێرن یاخود مامۆستا دەستنیشانی دەکات، بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی کە پێی دەسپێردرێت
4- نێردراوی گەڕۆکی گروپەکان دەچێتە لای گروپەکانی دیکە.
5- نێردراو هەڵدەستێت بە خستنە ڕووی ڕاکانی بۆ ئەندامانی گروپەکان و ئ گوێ ش لە بیرۆکەکانی ئەوان دەگرێت.
6- تەواوی ئەندامانی گروپەکان بە شێوەیەکی چالاکانە گوێ دەگرن بۆ ئەو بیرۆکانەی کە نێردراوی گەڕۆك پێشکەشی دەکات و هەروەها گفتوگۆی ڕاوبۆ چوونەکانی دەکەن.
7- نێردراوی گەڕۆك هەوڵدەدات ئەو بیرۆکانەی کە وەریگرتوون لە گروپەکانی تر لەگەڵ ئەو بیرۆکانەی کە داڕشتووە لەگەڵ گروپەکەی خۆی تێکهەڵکێشیان بکات.
8- نێردراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ گروپەکەی خۆی و ئەوبیرۆکەو ڕایانەی کە وەریگرتوون دەیکاتە ڕاپۆرتێك و پێشکەشی مامۆستا ی دەکات. (السلامی، 2018: 41)

**2-1-2 بنەماکانی ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك:**

(Jacobs George)چەند بنەمایەکی بۆ ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك دیاریکردووە کە ئەمانەی خوارەوەن:

1- دیاریکردنی ئەرکە پەروەردەییەکان: مامۆستا ناوەڕۆکی بابەتەکە بە شێوەی کێشەیەك ، یان دەقێکی خوێندنەوە دیاری دەکات، پاشان ڕێگا بە قوتابیان دەدات بۆ کارکردن بە شێوەی گروپ تاوەکو ئەندامانی گروپەکە زۆرترین بەشدارییان هەبێت.
2- دیاریکردنی کات بۆ نێردراوی گەڕۆك: پێویستە کات دیاری بکرێت بۆ نێردراوی گەڕۆك بۆ کارکردن و جوڵەکردن بۆ گروپەکانی تر.

3- دیاریکردنی قەبارەی گروپەکان: یەکێك لە بنەماکانی ئەم ستراتیژە دابەشکردنی قوتابیانە بەسەر گروپەکاندا، باشترین ژمارە ی قوتابیان لە هەرگروپێکدا لەنێوان(4-6) قوتابیدا بێت.

4- کاتی دیاریکراو بۆ کارکردنی گروپەکان: دەبێت بنەماکانی فێربوونی چالاك لە کاری گروپەکاندا لە بەرچاو بگیرێت، باشترین کارکردنی گروپەکانیش ئەوەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا بێت بۆ ئەوەی یارمەتی قوتابیان بدات لە ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان خۆیاندا.(عاجل،2019: 29)

لەم توێژینەوەیەدا ، توێژەر هەموو ئەو بنەمایانەی جێبەجێکردووە لەکاتی پرۆسەی وانەوتنەودا

**2-2 توێژینەوەکانی پێشوو:**

**خشتەی ژمارە (١) خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو**

| ناوی توێژەرو ولآت وساڵی ئەنجامدانی | ناونیشانی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوە | میتۆدی توێژینەوە | کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوە | ئامرازی توێژینەوە | دەرئەنجامی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| المشهدانی، 2021، عێراق | کاریگەری ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لە سەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی ئەرێنی لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لە بابەتی (الطحالب والفطريات العلمی) | زانینی کاریگەری ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لە سەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی ئەرێنی لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لە بابەتی (الطحالب والفطريات العلمی) | ئەزمونی | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بووە لە خوێندکارانی قۆناغی سێییەمی بەشی زانست،کۆلێجی پەروەردەی بنەرەتی لەسەرجەم زانکۆکانی عێراق کە ژمارەیان (701) خوێندکاربووە، نمونەی توێژینەوەکەش خوێندکارانی قۆناغی سێییەمی بەشی زانست،کۆلێجی | تاقیکردنەوەی تائی -هاوکۆلکەی جیاکاری برگە کارای جێگرەوەهەڵەکان -هاوکۆلکەی کیودور هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن | بوونی جیاوازی ئاماری لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی هەردوو گرووپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێنی لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی. |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | پەروەردەی بنەرەتی زانکۆی المستنصریە. | | |
| عاجل، 2019، عێراق | کاریگەری ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی زانستی و گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی ڕێکخراو لە بابەتی فیزیا | زانینی کاریگەری ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی زانستی و گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی ڕێکخراو لە بابەتی فیزیا | ئەزمونی | قوتابیانی پۆلی چوارەمی زانستی لەسنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی الرفاعی/النصر لە پارێزگای زیقار، کە ژمارەیان 153قوتابییەو نمونەی توێژینەوەکەش خوێندکارانی خوێندنگەیی (خدیجە الکبری)، کە ژمارەیان(77) خوێندکارە. | T-testهاوکێشەی قورسی برگەو هێزی جیاکاری برگە هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ -ئیتا سکوێر- | بوونی جیاوازی ئاماری لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بابەتی فیزیا و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕێکخراوی پاشی لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی.. |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| السلامی، 2018، عێراق | کاریگەری ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لە سەر دەستکەوت لە بابەتی کۆمەڵایەتی و مانەوەی لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتای | زانینی کاریگەری ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لە سەر دەستکەوت لە بابەتی کۆمەڵایەتی و مانەوەی لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتای | ئەزمونی | قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرخ/3 | T-test، هاوکۆلکەی جیاکاری بڕگە,کارایی جێگرەوەی هەڵەکان,هاوکۆلکەی کیودور - | بوونی جیاوازی ئاماری لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بابەتی کۆمەڵایەتی و مانەوەی زانیاری لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی. |

**2-2-1شیکاری بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو**

لەبەر ڕۆشنایی ئەو توێژینەوانەی پێشتر خراونەتەڕوو، توێژەر بەراوردی ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەکانی پێشوو کرد بەمەبەستی دەرخستنی ئاستی پەیوەندی ولێکچوون وجیاوازی نێوانیان:

**١- سەبارەت بەشوێنی ئەنجامدانی توێژینەوە:** هەر یەکە لە توێژینەوەکانی ( المشهدانی، 2021)، (عاجل،2019)، (السلامی, 2018) لە عێراق ئەنجام دراون، ئەم توێژینەوەیەش لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوەو بە زمانی کوردییە .

**٢- ئامانجی توێژینەوەکان:** توێژینەوەی(المشهدانی،2021)ئامانجی زانینی کاریگەری ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لە سەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی ئەرێنی لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لە بابەتی (الطحالب والفطریات العلمی)، (عاجل،2019) ئامانجی زانینی کاریگەری ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی زانستی و گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوە لە بابەتی فیزیا، توێژینەوەی (السلامی, 2018) ئامانجی زانینی کاریگەری ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لە سەر دەستکەوت لە بابەتی کۆمەڵایەتی و مانەوەی لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتای، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش زانینی کاریگەری ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لە سەر دەستکەوت لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی جوگرافیا.

**٣- لەڕووی میتۆدەوە:** لە ڕووی میتۆدی توێژینەوەوە، هەموو توێژینەوەکان پشتیان بە میتۆدی ئەزموونیی بەستووە، بەهۆی گونجانی لە گەڵ سروشتی توێژینەوەکە، ئەم توێژینەوەیەش هەمان میتۆدی بە کارهێناوە .

**٤- قەبارەی کۆمەڵگای توێژینەوە:** توێژینەوەکانی پێشوو نموونەی جیاوازیان وەرگرتووە لەقوتابی، (المشهدانی،2021) قۆناغی سێیەم،بەشی زانست،کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، لە سەرجەم زانکۆکانی عێراق ، کە ژمارەیان(701) خوێندکاربووە و نموونەی توێژینەوەکەش (84) خوێنکاربووە لە زانکۆی موستەنسەریە، (عاجل،2019) قوتابیانی پۆلی چوارەمی زانستی لە قەزای نەصر لە پارێزگای زیقار وەرگرتووە، کە ژمارەیان(153)قوتابییە، نمونەی توێژینەوەکەش(77) قوتابی بووە،(السلامی, 2018) قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرخ/3 وەرگرتووە، نمونەی توێژینەوەکەش (53) قوتابی بووە هەروەها ئەم توێژینەوەیەش سەرجەم کۆمەڵگای توێژینەوەکەی ( 1370)قوتابی بوون، کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی (38)قوتابی بوونە نموونەی توێژینەوەکە.

**٥- لەڕووی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەوە:** ئامرازی توێژینەوەی ( المشهدانی، 2021)، (عاجل،2019)بریتی بوون لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت وپێوەری بیرکردنەوە، ئامرازی توێژینەوەی (السلامی, 2018)،بریتی بووە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و مانەوەی زانیاری، سەرجەم توێژینەوەکان ئامرازی توێژینەوەکەیان ئامادەکردووە، ئەم توێژینەوەیەش ئامرازەکەی ئامادەکردووە، کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت.

**2-2-2 سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژەر لە چەند لایەکەوە سودیان لەم توێژینەوانە وەرگرتوە لەوانە:

1- چۆنیەتی دارشتنی ئامانج وگریمانەی توێژینەوە .
2- بۆ نووسینی لایەنی تیۆری ئەم توێژینەوەیە .
3- سوود وەرگرتن لە دیزاینی ئەزموونیی بۆ ڕێکارییەکانی توێژینەوە .
4- بۆ دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە و شێوازی هەڵبژاردنی .
5- ڕێککارییەکانی هاوتاکردنی لە نێوان هەر دوو گرووپی توێژینەوە لە ژمارەیەك گۆڕاودا

6- بۆ سوود وەرگرتن لە هەڵبژاردن و چۆنێتی بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان .

7- سوود وەرگرتن لەو سەرچاوانەی پەیوەستن بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە

**بەشی سێیەم:**

**ڕێکارەکانی توێژینەوەکە:**

لەم بەشەدا باس لە هەموو ئەو هەنگاوە زانستیانە دەکرێت کە گیراونەتەبەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، کە ئەوانیش پێکدێن لە میتۆد وکۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوە کەو هاوسەنگ کردنی گروپەکانی توێژینەوە کەو پێداویستییەکانی وئەو ئامرازانەی بەکارهاتوون بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەیان.

**1-3 میتۆدی توێژینەوەکە:**

میتۆدی توێژینەوە:کۆمەڵە یاسایەکی گشتییە توێژەر پشتیان پێدەبەستێت بۆ ڕێکخستنی ئەو بۆچوون و زانیاریانەی کە لە بەردەستدان، ئەمەش لە پێناوی گەیشتن بەو ئامانجەی کە خوازیارە پێی بگات.(خۆشناو،2016: 36)

توێژەر میتۆدی ئەزموونی بەکارهێناوە ، کە بە میتۆدێکی گونجاوی زانیوە بۆ ئەم توێژینەوەیە، چونکە لە سەر بنەمای کۆنترۆڵکرنی گۆڕاوەکان دامەزراوە، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دیزاینەدا هەردوو گروپ (ئەزموونیی و کۆنترۆڵکراو) کەوتوونەتە ژێر تاقیکردنەوەیەکی پاشی بۆ گۆڕاوی دەستکەوت لە بابەتی جوگرافیا، بڕوانە خشتەی ژمارە (2)

خشتەی ژمارەی (2) دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە

| گروپ | گۆڕاوی سەربەخۆ | تاقیکردنەوەی پاشی |
|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك | دەستکەوتی خوێندن |
| کۆنترۆڵکراو | | |

**2-3 کۆمەڵگای توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە هەموو ئەو کەس و قوتابی و لایەن یاخود دیاردەیەی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت(حافظ,2012: 58).

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە، بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025) کە پێکهاتووە لە (24 ) قوتابخانە و (1370 ) قوتابی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی.

**3-3 نموونەی توێژینەوەکە:**

بەشێکەلەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گونجاو هەڵدەبژێردرێن و توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت و دواتر ئەو ئەنجامانە بەکاردەهێنرێن و گشتگیر دەکرێت بۆ تەواوی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.(المحمودی،2019: 160)

نمونەی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە دووبەش

**1-3-3:نمونەی قوتابخانە:**

بۆ دەستنیشانکردنی نموونەی توێژینەوەکە، لەپاش ناردنی نوسراو لە ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی- زانکۆی سلێمانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، پاشان نوسراوی ڕێگەپێدان ئاراستەی سەرجەم قوتابخانە بنەڕەتیەکان کرا، توێژەر نمونەی توێژینەوەکەی بە شێوازی مەبەستدار قوتابخانەی (بانە)ی بنەڕەتی دیاریکرد لە بەر ئەوەی لەم قوتابخانەیەدا (3) پۆلی شەشەمی بنەڕەتی هەبوو، ژمارەشیان لە پۆلەکاندا گونجاو بوون لە نێوان(19-20) قوتابی بوون.

**2-3-3 نمونەی قوتابی**

توێژەر پاش سەردانیکردنی بۆ قوتابخانەکە بۆی دەرکەوت کە قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە سێ لق(أ، ب،ج ) پێك هاتوون، توێژەر بە شێوەی هەڕەمەکی دووگرووپی هەڵبژارد، لەئەنجامدا لقی (ج )بوو بە گروپی ئەزموونی ژمارەیان ( 19) قوتابی بوو، لقی(أ)یش، بوو بە گروپی کۆنترۆڵکراو وژمارەیان (19) قوتابی بوو، ژمارەی قوتابیانی هەردوو گروپ بریتی بوو لە ( 38) قوتابی، کە (21) قوتابی لە ڕەگەزی نێرو(17) قوتابیش لە ڕەگەزی مێ بوون.بڕوانە خشتەی ژمارە (3).

**خشتەی ژمارە (3)**

**گروپ و ژمارەی قوتابیانی نموونەی توێژینەوە**

4-3

| لق | هۆبە | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارەی قوتابی | ڕەگەز | | ژمارەی کۆتایی قوتابی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | نێر | مێ | |
| ج | ئەزمونی | ستراتیژینێردراوی گەڕۆك | 19 | 10 | 9 | 19 |
| أ | کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | 19 | 11 | 8 | 19 |
| کۆ | | | 38 | 21 | 17 | 38 |

**هاوسەنگ کردنی گروپەکانی توێژینەوە**

**1-4-3 تەمەنی قوتابیان**

توێژەر تەمەنی قوتابیەکانی نموونەی توێژینەوەکەی لە ڕیگەی دابەشکردنی فۆرمی تایبەت بە سەر قوتابیاندا بۆ وەرگرتنی ڕێکەوتی ڕۆژو مانگ و ساڵی تەمەنیان و هەژمارکردنی تەمەنیان بە مانگ تا ڕێکەوتی (2025/1/28)، بۆ دڵنیابوون ڕادەی هاوتایی لە نێوان قوتابیانی هەردوو پۆلی شەشەمی بنەڕەتی(أ و ج) بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T. test)بۆ نموونەی سەربەخۆ، بە مەبەستی زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوان هەردوو گروپی ئەزموونیی و کۆنترۆڵکراو، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە، چونکە بەهای(T )ئەژمارکراو بریتی بوو لە (0.134) کەمترە لە بەهای خشتەیی (2.028) لە ئاستی بەڵگەداری(0.05) بەنمرەی ئازاد ( 36 ) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەر دوو گروپ لە گۆڕاوی تەمەندا هاوسەنگن .بڕوانە خشتەی ( 4 )

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T )بۆ تەمەنی قوتابیانی هەر دوو گرووپ

| گروپەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی(T) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری(0،05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزمونی | 136.79 | 3.441 | 0.134 | 2.028 | 36 | بەڵگەداری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 136,63 | 3.804 | | | | |

**2-4-3 زانیاری پێشینە دەربارەی بابەتی جوگرافیا**

توێژەر بە مەبەستی زانینی زانیاری پێشینە لە بابەتی جوگرافیا، هەستا بە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەك لە جۆری بابەتی(هەڵبژاردن، راست و هەڵە )،کە لە (20) برگە پێك هاتبوو، پشت بەست بە ناوەڕۆکی بابەتی جوگرافیا لە پەرتوکی بابەتەکۆمەڵایەتیەکانی پۆلەکانی (چوارەم و پێنجەم)ی بنەڕەتی،بۆ دڵنیابوون لە شیاویی و گونجاوی برگەکان خرایە بەردەست کۆمەڵێك لە شارەزا و پسپۆڕ، پاشان جێبەجێکرا بە سەر هەردوو گروپدا لە رۆژی (یەك شەممە )، بەرواری(2025/1/26 ) دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکە بەشێوەیەك ورد هەڵەچنی وەڵامەکان کرا بە جۆرێك بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست یەك (1) نمرە و بۆ هەر وەڵامێکی هەڵەش (سفر)دانرا، توێژەر بە مەبەستی زانینی

جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوان هەردوو گروپی ئەزموونیی و کۆنترۆڵکراودا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(T. test)بۆ نموونەی سەربەخۆ, پاش دەرهێنانی ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ، بەهای(T)ئەژمارکراو بریتی بوو لە(0.213)،کەمترە لە بەهای خشتەی( 2.028) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)بە نمرەی ئازاد ( 36) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر دوو گروپ هاوسەنگن ئەنجامی تاقیکردنەوەکەش ئەوەی خستە ڕوو، کە قوتابیەکان زانیاریان هەبوو دەربارەی بابەتی جوگرافیا، بڕوانە خشتەی ژمارە(5)

**خشتەی (5)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T )بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری زانیاری پێشینەی جوگرافیا**

| گروپەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی(T) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری(0،05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزمونی | 12.89 | 2.536 | 0.213 | 2.028 | 36 | بەڵگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | 12.74 | 1.996 | | | | |

**3-4-3 نمرەی کۆتایی ساڵی پێشوو لە بابەتی جوگرافیا**

توێژەر نمرەی کۆتایی ساڵی پێشووی بابەتجوگرافیا لە تۆماری قوتابخانە وەرگرت، کە هەموو قوتابیەکان دەرچووبوون و هیچ قوتابیەکیش نەمابووە، پاشان بە مەبەستی زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوان هەردوو گروپ پاش شیکاری ئاماری، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T.test)بۆنموونەی سەربەخۆ, پاش دەرهێنانی ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ، بەهای(T )ئەژمارکراو بریتی بوو لە (0.298) کەمترە لە بەهای خشتەیی (2.028) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بە نمرەی ئازاد (36 ) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر دوو گروپ هاوسەنگن لە ڕووی نمرەی ساڵی پێشوو. بڕوانە خشتەی ژمارە (6)

خشتەی (6)

**ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێوەری بەهای تائی هەژمارکراو وخشتەیی نمرەی بابەتی جوگرافیای ساڵی پێشوو**

| گروپەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی(T) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری(0،05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزمونی | 80.47 | 14.447 | 0.298 | 2.028 | 36 | بەڵگەداری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 79 | 15.986 | | | | |

**4-4-3 ئاستی زیرەکی**

توێژەر تاقیکردنەوەی (جۆن ڕاڤن)ی بەکارهێنا بەمەبەستی زانینی ئاستی زیرەکی قوتابیان و هاوسەنگی هەردوو گروپی توێژینەوەکە، لە بەرواری (2025/1/27)،ڕۆژی(2شەممە) توێژەر ئەم پێوەرەی بەکارهێناپێکهاتبوو لە (3) گروپ و (36) برگە پرسیار، کاتی تەرخانکراو بۆ ئەزمونەکە(40) خولەك بوو، پاشان وەڵامەکان بە شێوەیەکی نمونەیی پشکنینی بۆ کرا پشت بەست بە کلیلی وەڵامی نمونەیی بە جۆرێك هەر وەڵامێکی ڕاست (1) نمرەی پێبدرێت وە بۆ هەر وەڵامێکی هەڵە(سفر) پێبدرێت، بۆ زانینی جیاوازی بەڵگەداری نێوان هەردوو ناوەندە ژمێرەیی و تاقیکردنەوەی (T.test) ی بەکارهێنا بۆ نموونەی سەربەخۆ، پاش دەرهێنانی ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردووگروپ وبەهای(T )ئەژمارکراو بریتی بوو لە ( 1.161 ) کەمترە لە بەهای خشتەیی کە بریتی بوو (2.028) لە ئاستی

بەڵگەداری (0.05) بە نمرەی ئازاد ( 36)  ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر دوو گروپ هاوسەنگن لە ئاستی زیرەکیان بە پێی پێودانگی زیرەکی، بڕوانە خشتەی  ژمارە(7).

خشتەی (7)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T )بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری ئاستی زیرەکی گروپەکان

| گروپەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی(T) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری(0،05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزمونی | 28.53 | 3.717 | 1.161 | 2.028 | 36 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 26.74 | 5.596 | | | | |

**3-4-5 ئاستی خوێندەواری باوکان**

توێژەر ئاستی خوێندنی باوکی قوتابیانی لە ڕێگەی فۆرمێکەوە بەدەستهێنا، چەند پلەیەکی بۆیان دیاریکرد بە پێی جۆری بڕوانامەی خوێندن، پاشان ئاستی بڕوانامەکانیانی ریزبەند کرد لە نزمترین ئاستەوە بۆ بەرزترین ئاست، بە مەبەستی زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەر دوو گروپ هاوکۆلکەی (کا$^2$)ی بەکارهێنا، بەجۆرێك بەهای (کا$^2$) هەژمارکراو(2.286)کە، کەمترە لە بەهای (کا$^2$خشتەیی(5.99) بەنمرەی ئازادی(2)، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان هەر دووگروپدا، ئەمەش هاوسەنگی هەردوو گروپ پیشاندەدات لە گۆڕاوی بڕوانامەی باوکان بڕوانە خشتەی ژمارە(8)

خشتەی ژمارە(8)

بەهای (کای)$^2$  بۆ جیاوازی ئاستی بڕوانامەی باوکان

| گۆڕاو | گروپەکان | ناوەندی بەدەستهاتنی باوکان | | | بەهای کای | | | ئاستی بەڵگەداری(0،05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوارو بنەڕەتی | ئامادەیی و دبلۆم | بکالۆریۆس | ئەژمارکراو | خشتەیی | نمرەی ئازاد | بەڵگەدار نییە |
| ئاستی خوێندەواری باوکان | ئەزموونی | 5 | 5 | 9 | 2.286 | 5.99 | 2 | |
| | کۆنترۆڵ | 9 | 5 | 5 | | | | |
| | کۆ | 14 | 10 | 14 | | | | |

**3-4-6  ئاستی خوێندەواری دایکان**

توێژەر ئاستی خوێندنی دایکانی  قوتابیانی بە هەمان ڕێکاری و  هەنگاوەکانی باوکان بە دەستهێنا، بە مەبەستی زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەر دوو گروپ، هاوکۆلکەی (کا$^2$) بەکارهێنا، بەجۆرێك بەهای (کا$^2$) هەژمارکراو(0.117)کە، کەمترە لە بەهای (کا$^2$خشتەیی(3.841) بەنمرەی ئازادی(1)، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان هەر دووگروپدا، ئەمەش هاوسەنگی هەردوو گروپ پیشاندەدات لە گۆڕاوی بڕوانامەی دایکان، بڕوانە خشتەی ژمارە(9)

خشتەی ژمارە(9)

بەهای (کای)$^2$ بۆ جیاوازی ئاستی بڕوانامەی دایکان

| گۆڕاو | گروپەکان | ناوەندی بەدەستهاتنی دایکان | | بەهای کای | | | ئاستی بەڵگەداری(0،05) |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ئاستی خوێندەواری دایکان | | نەخوێندەوارو بنەڕەتی | دبلۆم و بکالۆریۆس | ئەژمارکراو | خشتەیی | نمرەی ئازاد | بەڵگەدار نییە |
| | ئەزموونی | 6 | 13 | 0.117 | 3.841 | 1 | |
| | کۆنترۆڵ | 7 | 12 | | | | |
| | کۆ | 13 | 25 | | | | |

**3-5-پێداویستیەکانی توێژینەوەکە:**

**3-5-1 دیاری کردنی بابەتی خوێندن:**

توێژەر هەستا بە دیاریکردنی بابەتی خوێندن بەپێی ئەزمونی خۆی وەك مامۆستای بابەتی کۆمەڵایەتی و هەروەها ڕاوێژکردن بە کەسانی پسپۆر بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەند پێکهاتووە(یەکەم, دووەم, سێیەم) لە پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی/ بەشی جوگرافیا، بڕیار لێدراوی خوێندن بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق – چاپی یەکەم ساڵی(2023)ی زانینی بە پێی ماوەی ئەزمونیی توێژینەوەکە ناوی بەندەکان وناونیشان و ژمارەی لاپەڕەکان، توێژەر لە بەرواری(2025/1/28)دەستی بە وانەوتنەوە کردو لە (2025/3/10) کۆتایی پێهێنا،بڕوانە خشتەی ژمارە (10)

خشتەی (10 )

دیاری کردنی بەند وناونیشان و ژمارەی لاپەڕەکان بۆ بابەتی ئەزموونەکە

| بەندەکان | ناونیشانی بەندەکان | ژمارەی لاپەرەکان |
| --- | --- | --- |
| بەندی یەکەم | شوێنی عێراق | 10 |
| بەندی دووەم | ئاووهەواو ڕووەکی خۆرسك | 5 |
| بەندی سێیەم | دەرامەتەکانی ئاو | 10 |
| کۆی گشتی | | 25 |

**3-5-2 دیاریکردن و داڕشتنی ئامانجەڕەفتاریەکان**

مەبەست لەو ئامانجانەیە کە بە وردی دیاریکراون و دەتوانرێت لە ڕەفتارو هەلسوکەوتی قوتابیاندا هەستیان پێ بکرێت ، بە واتایەکی تر ئەو گۆڕانکارییەیە کە لە ڕەفتارە هەلسوکەوتو بیرکردنەوەو بەهاکانی قوتابیاندا ڕوو دەدەن و بۆیە دەکرێت بە ئامانجە تایبەتیەکانیش بناسرێن و لە ماوەیەکی کەم دا لە ڕەفتاری قوتابیاندا دەردەکەون، داڕشتنی ئەم ئامانجانە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا بایەخ و گرنگی زۆریان هەیە بەجۆرێك بەبێ دەستنیشانکردنیان لە لایەن مامۆستایانەوە واتایەك بۆ وانەوتنەوە نامێنێت. (رسول، 2014: 43)

لە بەر گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەکان، توێژەر بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوەکەی ئامانجەکانی دارشت بۆ (95)ئامانج, بە گوێرەی پۆلێنکردنی (بلۆم)لە بواری مەعریفی دا لە ئاستەکانی بیرهێنان(54) ئامانج و تێگەیشتن(24) ئامانج و جێبەجێکردن(17)ئامانج، نموونەی

ئەم ئامانجانە خرایە بەردەم کۆمەڵێك لە پسپۆرانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانەو هەڵسەنگاندن، بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوون و پێشنیارەکانیان بە مەبەستی باشتر دارشتنی بە جۆرێك کە راست و دروست بن و سەرکەوتنی ئەزموونەکە مسۆگەر بکەن، بۆ دڵنیابونیش توێژەر پشتبەست بەپێی هاوکێشەی(جی کۆپەر )شیکار کرا بەرێژەی (80%)بۆ سەرەوە وەك پێوەرێك بۆ پەسەندکردنی هەرئامانجێکی ڕەفتاری دیاری کرد.

**3-5-3 ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە**

پلانی وانەوتنەوە :بریتییە لە ڕامان و بۆچونێکی هزری بۆ وێناکردنی ئەو کردارو فرمانانەی کە پێویستە ئەنجام بدرێت لە چوارچێوەی ئەو تواناییانەی کە بەردەستە لەگەڵ ئەلتەرناتیڤەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو لە ماوەیەکی سنورداردا.(عەزیز،2014: 64)

یەکێك لە پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە دانانی پلانی وانە وتنەوەیە، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر (2)پلانی بۆ هەریەك لە گرووپی ئەزموونیی بەپێی ستراتیژییەتی نێردراوی گەڕۆك و گرووپی کۆنترۆڵکراو بە ڕێگای ئاسایی ئامادەکردو نموونەی ئەو پلانانە خرایە بەردەم پسپۆران ،بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان لەسەر پلانەکان.

**4-5-3 ژینگەی پۆل:** ئەو سیستەمەی لە قوتابخانەکە پەیڕەو دەکرا سیستەمێکی جێگیربوو،ژینگەی فێرکردن وفێربوون لە هەمان قوتابخانە لە دوو پۆلی هاوشێوە بوون لە ڕووی دیزاین و ڕووبەرو ژمارەی پەنجەرەکان و ڕووناکی و هەواگۆڕکێ و جۆری کورسییەکان و وایت بۆردەکان.

5-5-3 **ئامرازەکانی فێرکردن:** توێژەر بۆ هەردوو گروپەکە کۆمەڵێك ئامرازی فێرکاری بەکارهێناوە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو تێگەشتنی بابەتەکان وەك( داتاشۆ، وایت بۆرد، نەخشەی جۆراوجۆر، ماجیکی ڕەنگاوڕەنگ، وێنەو پۆستکارد....هتد)

**6-3: ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە:**

**6-3 تاقیکردنەوەی دەستکەوت:**

تاقیکردنەوە ئامرازێکە بەکاردەهێنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر خەسڵەتی دیاردەکان، یاخود پێوەرێکە بەهۆیەوە دەتوانرێت زانیاری و داتا لە سەر دیاردەکان کۆبکرێتەوەو ئەنجا بڕیاریان لەسەر بدرێت، کە لە ڕێگەی خستنە ڕووی کۆمەڵێك پرسیار بۆ بەردەم قوتابیان و وەڵامدانەوەیان ودەرخستنی ئەنجامەکانیان بڕیار لەسەر ئاستیان دەدرێت( رسول،2017: 162)

یەکێک لە پێداویستییەکانی توێژینەوە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوتە بۆ پێوانەکردنی دەستکەوتی خوێندنی نموونەی توێژینەوە لە بابەتی جوگرافیا توێژەر لەئامادەکردنیدا ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی پەیڕەو کردووە:

**1-6-3ئامادەکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت:**

توێژەر ژمارەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی ئامادەکرد کە (30) بڕگە بوو کە لە یەك جۆر پرسیار پێکهاتبوو، کە لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك بە چوارجێگرەوە (بدائل)بۆ هەر بڕگەیەك، ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بۆ پێوانەکردنی بواری مەعریفی قوتابیان لە ئاستی (بیرهێنان، تێگەیشتن، جێبەجێکردن) ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە ئەویش بە ئاسانی لەلایەن قوتابییانەوە وەڵام دەدرێتەوە و پێویست بە دەربڕین ناکات و هەڵەچنییکردنیشی ئاسان و بابەتییە وە خەملاندن تیاییدا کەمە هەروەها توانای پێوانەکردنی ئەو ئاستانەی بلۆم کەلە توێژینەوەکەدا دیاریکراوە پێوانە بکات .توێژەر نمونەیەکی لە ئامانجە ڕەفتارییەکان هەڵبژارد بۆ دانانی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بە جۆرێك بگونجێت لەگەڵ کات و توانای قوتابیان، بۆ دڵنیابوون لە شیاوی تاقیکردنەوەکە، توێژەر خەسڵەتە سایکۆمەتریەکانی تاقیکردنەوەکەی بەم ڕێکارانەی خوارەوە دەرهێنا.

**2-6-3ڕاستێتی تاقیکردنەوە:**

sjh@univsul.edu.iq

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی شێوزای هەڵسەنگاندنی باش ڕاستی برگەکانی تاقیکردنەوەکەیە،مەبەستیش لە ڕاستێتی ئەو برگەیەی کە دانراوە، ئەو ئامانجە بهێنێتەدی کەلە پێناویدا دانراوە(عبدالرؤف والمصری،2017: 65)

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستێتی تاقیکردنەوەکە, توێژەر تاقیکردنەوەکەیان خستە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆر و شارەزای بواری جوگرافیا و ڕێگاکانی وانەگوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن، بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوونیان لە سەر برگەکانی تاقیکردنەوەکەو ئاستی گونجاوی برگەکان، ڕاستێتی دەرکەوت ڕێژەی(80%) زیاتری بەدەستهێنا کە ژمارەیان(30) برگەبوو، ئەمەش بە پێی هاوکێشەی (جی کۆپەر )شیکار کرا بەم شێوەیە تاقیکردنەوەکە گونجاوە بۆ بەکارهێنان.

**3-6-3 ئەزموونیی بەرایی (سەرەتایی)**

ئامانجی بەکارهێنانی ئەم ئەزموونکردنە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕوونی برگەکانی تاقیکردنەوەکەیە، بۆ جێبەجێکردن و دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی، توێژەر ئەزموونیی سەرەتایی لە سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوە لە سەر نموونەیەك لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدرا کە بە شێوازی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردران, ژمارەیان بریتیبوو لە (40 )قوتابی لە قوتابخانەی( بورهان) ی بنەڕەتی، ئاگادارکرانەوە بۆ تاقیکردنەوە، لە رۆژی(5شەممە)بەرواری (2025/3/6) ،پاش دڵنیابوون لە تەواوکردنی بەندەکانی خوێندن، دەرکەوت برگەکانی تاقیکردنەوە ڕوون و ئاشکران وهیچ ئاڵۆزیەکیان تێدانییە کە پێویست بە گۆڕانکاری بکات، کاتی تەرخانکراویش بۆ تاقیکرنەوەکە (40) خولەك بوو، ناوەندی ژمێرەیی نمرەی قوتابیەکانیش (17) نمرە بوو لە (30) نمرە، ئەم ئەنجامەش نزیك بوو لە ئەنجامی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە ئەنجامەکەیان(17.47) نمرەبوو.

**4-6-3 شیکاری بۆ برگەکانی تاقیکردنەوە:**

دوای ئامادەکردنی برگەکانی تاقیکردنەوەکە، بەمەبەستی زانینی ئاستی گرانی برگەکان و هێزی جیاکاری و کارایی جێگرەوە هەڵەکان، توێژەر تاقیکردنەوەکەی لە سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوە لە سەر نموونەیەك لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدرا، لەهەردوو قوتابخانەی(مۆردانەو عادیلە خانم) کە پێکهاتبوو لە (100)قوتابی ئاگادارکرانەوە بۆ تاقیکردنەوە، لەرۆژی (1شەممە) بەرواری( 2025/3/9) پاش دڵنیابوون لە تەواوکردنی بابەتی خوێندن دوای پرۆسەی هەڵەچنی بۆ وەڵامی قوتابیەکان بە پێی کلیلی ڕاستکردنەوە و ڕیزبەندکردنی ئەو نمرانە بەشێوەی ژماردنی سەر بەرەخوار لە بەرزترین نمرەوە بەرەو نزمترین نمرە، هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی ڕێژەی (27%) لە گروپی ئاست بەرز و (27%)لە گروپی ئاست نزم وکۆی گشتی ژمارەی قوتابیان دەکاتە (54) قوتابی پاشان توێژەر وەڵامی هەردوو گروپی بەشێوەیەکی ئاماری شیکردەوە بۆ دەرهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکە بەم شێوەیە خوارەوە:

**5-6-3هاوکۆلکەی گرانی بۆ برگەکان :**

بریتییە لە ئاستی گرانی تاقیکردنەوەکە و برەکەی لەبەر ڕۆشنایی ڕێژەی ئەو قوتابیانەی کە وەڵامی هەڵەیان داوەتەوە بۆ پرسـیارەکە دیاری دەکرێت. (الزاملي و أخرون، 2009: 398) .

بۆ دەرهێنانی هاوکۆڵکەی گرانی هەر برگەیەك لە برگەکانی تاقیکردنەوە، توێژەر یاسای هاوکۆڵکەی گرانی بەکارهێنا، بە جێبەجێکردنی یاساکە بۆ هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی هەر برگەیەك لە برگەکانی تاقیکردنەوەکە لە جۆری هەڵبژاردن دەرهێنرا بۆ هەردوو گروپ دەرکەوت کە ئاستی برگەکانی جۆری تاقیکردنەوەکە دەکەوێتە نێوان(25% بۆ 62% )بەمەش ئاستی گرانی هەموو برگەکان پەسەندن، بەپێی ڕێژەی هاوکۆلکەی گرانی یان ئاسانی پەسەندە ئەگەر مەودای لە نێوان ( 20% بۆ 80%) بێت، (شوانی،2018: 114).

**6-6-3 هێزی جیاکاری برگەکان**

هێزی جیاکاری بڕگەکان بەواتای توانای بابەتەکە بۆ جیاکردنەوەی جیاوازی نێوان ئەو تاکانەی کە وەڵامەکە دەزانن و ئەوانەی وەڵامی دروست بۆ هەربابەتێکی تاقیکردنەوەکە نازانن، ئەو بڕگەیەش کە هێزی جیاکاریەکەی کەمتر بێت لە (0،20) بڕگەیەکی خراپەو پێشنیار دەکرێت لاببرێت یان دەستکاری بکرێت.(السلمانی، 2013، 67) توێژەر بەپێی هاوکێشەی تایبەت هێزی جیاکاری بڕگەکانی تاقیکردنەوەیان دەرهێنا بۆی دەرکەوت, کە هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە لە نێوان( 0.33بۆ0.77 )دایە، واتە هێزی جیاکاری هەموو بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە پەسەندن، چونکە هێزی جیاکاری هەموو بڕگەکانی تاقیکردنەوە پەسەندە ئەگەر ڕێژەکەی (0.20) زیاتربێت (الظاهرواخرون،1999: 30).

**3-6-7 کارایی جێگرەوە هەڵەکان :**

ئامانجی شیکردنەوەی کارایی جێگرەوە هەڵەکانە, لەئەنجامی پشکنینی جێگرەوە هەڵەکانی بڕگەکانی هەرتاقیکردنەوەیەك کە چەند بژاردەیەکی لە خۆ گرتبێت پێیان دەوترێت(سەرقاڵکەرەکان)، ئەم شیکارییە دەتوانرێت ئەنجام بدرێت ئەگەر بەهای ڕێژەی جیاکاری بابەتەکە نێگەتیف بێت، سفر یان نزیک بێت لە سفر .(علام، 2000: 291)

توێژەر هەستا بە دەرهێنانی کاریگەریی جێگرەوە هەڵەکان, بۆ زانینی کاریگەریی جێگرەوە هەڵەکان هەمان یاسای هاوکۆلکەی جیاکاریی بەکار هێنا واتا هەستان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی دیاریکردنی کارایی هەرجێگرەوەیەك لە جێگرەوەکانی تاقیکردنەوەکە بۆ هەر ( 30) بڕگەی تاقیکردنەوەکە بۆ هەردوو گرووپی نمرە بەرز ونزم , نمرەکانی تاقیکردنەوە سەرەتاییەکەیان دیاریکرد و بەهای کارایی هەر جێگرەوەیەکی هەڵە بە گشتی دۆزرایەوە کە دەکەوێتە نێوان( -0.07 بۆ -0.44 ) جیاوازییەکەش زیاترە لە ڕێژەی(-0.05%) ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو جێگرەوەکان شیاون بۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە.( الظاهرواخرون، 1999: 131)

**3-6-8 جێگیری تاقیکردنەوەکە:**

جێگیری تاقیکردنەوە بەو واتایەیە کە تاقیکردنەوەکە هەمان ئەنجام دەدات یان نزیك لەو ئەنجامەی بەدەستهێنا ئەگەر هاتوو زیاتر لە جارێك جێبەجێبکرێت بە سەر هەمان گروپ لە هەمان هەلومەرجی هاوشێوەدا, ئەو کاتە بە تاقیکردنەوەیەکی جێگیر دادەنرێت (الشجیري والزهیري،2022: 282)

تاقیکردنەوەکە بەسەر (40)قوتابی لە قوتابخانەی (مۆردانەو عادیلە خانم) بنەڕەتی بەهاوکاری ستافیکارگێڕیقوتابخانەکان و مامۆستایانیجوگرافیا لە ڕۆژی(3شەممە) بەرواری( 2025/3/25) لە دوایهەڵەچنیپرسیارەکانلە لایەنتوێژەرە و دانانی نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەکە پەیوەندی نێوانیاندۆزرایەوە بە بەکارهێنانی هاوکێشەیپێرسۆن, ڕێژەکەی (85 ) بەنزیکەی کە ئەمەشجێگریەکیباشە بۆ ئەنجامی تاقیکردنەوەکان.بڕوانە خشتەی ژمارە(11)

خشتەی( 11 )

ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای هاوکۆلکەی (پێرسۆن) بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوت

| ئەنجامدان | ژمارەی قوتابی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|---|
| جاری یەکەم | 40 | 19.83 | 5.098 | 0.85 |
| جاری دووەم | 40 | 19.52 | 4.501 | |

**3-7 ئامرازە ئامارییەکان:**

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر دەستەواری ئاماری(SPSS26)بەکارهێنا لەسەر بنەمای ئەم هاوکێشانە:

1- **تاقیکردنەوەی تائی (T.test):** بۆ دەرهێنانی هاوتایی نیوان هەر دوو گروپ لە هەندێ گۆڕاو و دەرهێنانی هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکانی دەستکەوتی خوێندن. (السلمانی,2013: 74)

2- **هاوکۆلکەی کـــا**2 : بۆ دۆزینەوەی هاوتایی ئاستی ئەکادیمی دایکان و باوکان .(ابو راضی، بس: 334)

3- **هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن:** بۆ دۆزینەوە و دەرهێنانی جێگیری تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە . (المنیزل وغرایبه،بس:128)

4- **هاوکێشەی کۆپەر:** بۆ ئەژمارکردنی ڕێژەی ڕێککەوتنی نێوان شارەزایان و پسپۆران بۆ ئاماژەدان بە ڕەوایی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت (الوکیل، المفتی، 2007: 236)

5- **هاوکێشەی گرانی بڕگەکان:** بۆ دۆزینەوەی ئاستی گرانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت.( علام، 2000 : 268)

6- **هێزی جیاکردنـەوەی بڕگەکان:** بۆ دەرهێنانی هێزی جیاکردنەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت.(ملحم،2000 : 236)

7- **کارای جێگرەوە هەڵەکان(گومراکان):** بۆ دۆزینەوە و دەرهێنانی ڕادەی کارای جێگرەوە هەڵەکانی هەر بڕگەیەکی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە جۆری بابەتی (عودة،2001 :291 )

8- **هاوکۆلکەی دووجای ئیتاو:** بۆ خستنەڕووی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لە سەر گۆڕاوی پاشکۆ (کامل،2022: 8)

9- **هاوکۆلکەی کۆین:** بۆ دۆزینەوەی نرخی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لە سەر گۆڕاوی پاشکۆ (کامل،2022: 21)

**بەشی چوارەم:خستنە رووی ئە نجامە کانی تویژینە وە کە و تا و تویکردنیان:**

لەم بەشەدا شیکردنەوە بۆ داتاکان و خستنەڕووی ئەنجامەکان دەکەین .

**4-1خستنە روی ئە نجامە کان:** جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە دە ستکەوتی قوتابیان لەبابەتی جوگرافیا لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی گروپی ئەزموونی کە بابە تی وانە کانیان بە پێی ستراتیژیەتی نێردراوی گەڕۆك پێدەوتریتەوە ، لەگەڵ ناوەندە ژمێرەیی نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگەی ئاسایی وانەوەردەگرن.

بە پێی ئەو ئەنجامەی لە خشتەی ژمارە(12) خراوەتە ڕوو، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی ئاستی دەستکەوتی خوێندنی قوتابیانی گروپی ئەزموونی بە راورد بە ئاستی دەستکەوتی خوێندنی گروپی کۆنترۆڵکراو ، لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی دایە، واتە ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك کاریگەری هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابیان لە بابەتی جوگرافیا بەراورد بە ڕێگە ئاسایی، بەم ئەنجامەش گریمانەی (سفری) کە توێژەر داینابوو ڕەت دەکرێتەوەوگریمانەی لە برێیتی پەسەند دەکرێت، واتە هەبوونی جیاوازی لە نێوان هەردوو گروپ، بڕوانە خشتەی ژمارە(12)

خشتەی ژمارە(12)

ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای تی (T.test) ئەژمارکراوو خشتەیی لە نێوان قوتابیانی هەردوو گروپ بۆ دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی جوگرافیا.

| گروپ | ژمارەی قوتابی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی(T) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری(0،05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزمونی | 19 | 23.63 | 3.905 | 4.223 | 2.028 | 36 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | 19 | 17.47 | 5.015 | | | | |

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی قوتابیان، توێژەر هەستا بە هەژمارکردنی قەبارەی کاریگەری هەروەك لە خشتەی (13) دەردەکەوێت کە بەهای قەبارەی کاریگەری ($n^2$)بریتییە لە (0.331) نرخی قەبارەی کاریگەری(d) بریتییە لە (1.407) بەنمرەی ئازادی (36)، کەواتە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەهای قەبارەی کاریگەری ئەم ستراتیژە (زۆربەهێزە) لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، بڕوانە خشتەی ژمارە(13) ، چونکە ئەگەر بەهای قەبارەی کاریگەری ($n^2$) (0.20) و نرخی قەبارەی کاریگەری(d) (1.1)و زیاتر بێت ئەوا بەهای قەبارەی کاریگەری ستراتیژەکە (زۆر بەهێزە) (kiss,1996:276) خشتەی ژمارە(13)

هاوکۆلکەی(ئیتاوکۆین )بۆ نرخی قەبارەی کاریگەری (نێردراوی گەڕۆك)لە سەر گۆڕاوی پاشکۆی دەستکەوتی خوێندن

2-4 تاوتوێکردنی ئەنجامەکان:

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | نرخی (T ) ئەژمارکراو | نمرەی ئازاد | نرخی ی( $n^2$ ئەژمارکراو | نرخی ی( d) ئەژمارکراو | قەبارەی کاریگەر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێردراوی گەڕۆك | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | 4.223 | 36 | 0.331 | 1.407 | زۆر بەهێزە |

لە بەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی خشتەی(11، 12) خراوەتە ڕوو، توێژەر گریمانەی (سفری) ڕەتدەکاتەوەو گریمانەی جێگرەوە(بدیل) پەسەند دەکات، ئەمەش بەو واتایە دێت کە لە ڕووی ئامارییەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە دەستکەوتی خوێندنی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی جوگرافیاهەیە، لە نێوان هەردوو گروپی توێژینەوە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی کە بابەتەکەیان خوێندووە بە پێی ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك بەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی وەرگرتووە، بۆ یە ئەنجامی توێژینەوەکە ڕوونی دەکاتەوە کە گۆڕاوی سەربەخۆی توێژینەوەکە(ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك)کارایی هەیە لە سەر قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی جوگرافیا، هەروەها بەهای قەبارەی کاریگەری ئەم ستراتیژە (زۆربەهێزە) لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، ئەم ستراتیژە وا لە قوتابیان دەکات ببنە سەنتەر لە وانەکەدا، چونکە قوتابی بەشدارییەکی چالاکانە دەکات لە وانەکەداو پرسیار دەکات و وەڵام دەداتەوە و ڕۆڵی نێردراو دەبینێت لە سەردانیکردنی گروپەکان، ئەمەش وا لە قوتابی دەکات هەمیشە بە ئاگابێت لە وانەکەدا، هەروەها قوتابی چەندین لێهاتوویی وەك خوێندنەوەو دروستکردنی پرسیارو ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیرۆکەکان پەرەپێدەدات، ئەمەش فاکتەری دروست بوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز لە نێوان قوتابیاندا، بە هۆی ئەو ژینگەیەی کە لەلایەن مامۆستاوە بۆ یان ڕەخسێنراوە لە ناو پۆلدا، هەروەها مانەوەی ئەو زانیاریانەی کە فێری بوون لە هزرو بیریاندا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە ئایندەدا، سەرئەنجام حەزو ئارەزوویان دەربارەی بابەتەکە زیاتر دەبێت و ئەمەش بە شێوەیەکی ئەرێنی کاردەکاتە سەر بەرزبوونەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابیانی گروپی ئەزموونی بەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکراو.

## بەشی پێنجەم

### 1-5 دەرئەنجامەکان

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، توێژەر گەیشتنە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1- بەکارهێنانی ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لە بابەتی جوگرافیای پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا کارایی بەرچاوی هەیە لە مانەوەی دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیان بۆ بابەتەکە بەراورد بە ڕێگەی ئاسایی.

2- ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك شێوازێکی نوێی فێرکردنە، هانی قوتابیان دەدات و کەشێکی ئەرێنی پەروەردەیی لە بارو گونجاو لە پۆلدا دەرەخسێنێت، ئەمەش زیاتر هۆگری قوتابیان وئاراستەیان بۆ بابەتەکەزیاد دەکات.

3- بەکارهێنانی ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لە وانەوتنەوەی بابەتی جوگرافیای پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بەشێوەیەکی ئەکتیڤ و کاریگەر بەشداریکرد لە پەرەپێدانی حەزو ئارەزوو ئاراستەی قوتابیان دەربارەی بابەتەکە

**5- 2 ڕاسپاردەکان:**

لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخەنەڕوو:

1- ئەنجامدانی خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ مامۆستایان لە لایەن مامۆستایانی ڕاهێنەرەوە کە ئێستا لە ناوەندەکانی خوێندنی سەر بە وەزارەتی پەروەردە ڕاهێنان بە مامۆستایان دەکەن ئەمەش بۆ ئاگاداربوونیان لە ستراتیژەکانی فێربوونی چالاك لە نێویاندا ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك.

2- سەر پەرشتیاران و مامۆستایانی ڕاهێنەر جەخت بکەنەوە لە سەر گرنگی بەکارهێنانی ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لە وانەوتنەوەدا لە کاتی سەردانە مەیدانیەکانیان بۆ لای مامۆستایان.

3- هانی مامۆستایانی جوگرافیا بدرێت لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا، بە تایبەتی قۆناغی بنەڕەتی (بازنەی دووەم) بۆ بەکارهێنانی ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك لە وانەوتنەوەدا لە بەر ئەوەی کار لە سەر فێربوونێکی چالاك و بەدیهاتنی ئامانجەکانی بابەتی جوگرافیا دەکاتەوە.

**3-5پێشنیارەکان:**

لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر چەند پێشنیارێك دەخەنەڕوو ئەوانیش:

1- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە ی ئەم توێژینەوەیە بۆ بابەتی مێژوو لە سەر هەمان پۆلی بەرتوێژی ئەم توێژینەوەیە.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لە سەر ستراتیژی نێردراوی گەڕۆك بۆ بابەتی جوگرافیای قۆناغی یازدەی ئامادەیی بۆ دیاریکردنی کاریگەری لە سەر گۆڕاوەکانی تری وەك : بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو پاڵنەری فێربوون ......هتد.

3- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاو شێوەی ئەم توێژینەوەیە بە وەرگرتنی گۆڕاوی ڕەگەز بۆ بەراوردکردنی نێوان( کوڕو کچ) لە پێناو دیاریکردنی پەرەپێدانی ئاراستەیان دەربارەی بابەتی خوێندن.

**ملخص البحث**

تتناول هذه الدراسة أثر استراتيجية المراسل المتنقل على التحصيل لدى طلاب الصف السادس في مادة الجغرافيا ، استهدف البحث التعرف على أثر استخدام استراتيجية المندوب المتنقل على تحصيل طلاب الصف السادس الاساسي في المادةالجغرافيا، لتحقيق هدف البحث اعتمد الباحث على التصميم التجريبي، مجموعة تجريبية تدريس طلابه على وفق استراتيجية المندوب المتنقل، ومجموعة ضابطة درس طلابه بحسب الطريقة الاعتياديةالمتبعة فى مدرستنا، والاختبار البعدي فقط للتحصيل الدراسي للمادة الجغرافيا، اختار الباحث قصدا مدرسة (بانه) الاساسية ليكون طلابها عينة البحث، ثم اختار شعبتين من الصف السادس بصورة عشوائية, لتمثل احداها لمجموعة التجريبية، والثانية المجموعة الضابطة، وبلغت عينة البحث( 38) طالباً، فأصبحت شعبة(ج) البالغ عدد طلابها (19) طالباً المجموعة التجريبية،فيما أصبحت شعبة (أ) لبالغ عدد طلابها (19) طالباً المجموعة الضابطة، وأجرى الباحث تكافئا بين المجموعتين في المتغيرات( درجات التحصيل الدراسي السابق لمادة الاجتماعيات, العمر الزمني, درجات اختبار المعلومات السابقة, اختبار الذكاء, مستوى تعليم الابوين) كما حدد المادة العلمية بالفصول الثلاثة الاولى من كتاب الاجتماعيات المقرر, صيغت الاغراض السلوكية لهذه الفصول التى بلغ عددها(95) غرضاً سلوكياً ممثلة لمستويات ثلاثة لتصنيف بلوم في مجال (تذكر, فهم, تطبيق) وفقاً لعدد الحصص المقترحة لكل فصل, ثم اعددت الخطط التدريسية لمجموعات البحث، تم إعداد أداة للبحث وهى الاختبار التحصيلي ، اذ تالف الاختبار من (30) فقرة اختبار ية من نوع واحد هي اختبارات موضوعية من

نوع الاختبار من المتعدد بأربعة بدائل، تقيس المستويات( التذكر ،الفهم ،التطبيق)، وتم التحقق من صدق الأداة بعد عرضها على مجموعة من المحكمين والمتخصصين، ثم تأكد الباحث من ثبات الاختبار بإعادة الاختبار، واستعمل الباحث اختبار (ت) لمعالجة بيانات مجموعات البحث باستعمال برنامج SPSS للتحليل الإحصائي، وقد توصل الباحث إلى نتائج منها: وجود فرق د لالة إحصائيةً بين متوسط درجات طلاب المجموعة التجريبية الذين درسوا وفقا لستراتيجية المندوب المتنقل وطلاب المجموعة الضابطة الذين درسوا وفقا للطريقة الاعتيادية في متغيري التحصيل الدراسي لصالح طلاب المجموعة التجريبية.

وفي ضوء نتائج البحث أوصى الباحث ضرورة استخدام مدرسي هذه المادة استراتيجية المندوب المتنقل عند تدريسها، وكذلك التدريب على استخدامها، كما قدم عددا من المقترحات، منها إجراء دراسات مماثلة في هذا المجال مستقبلا.

**-سەرچاوەکان بەزمانی کوردی**

**1- کتێب:**

- حەمەدەمین، ڕەمەزان،(2014):ڕێگاو شێوازە پراکتیکیەکانی وانەوهتنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر.
- خۆشناو، نەریمان عبداللە،(2016): پوختەیەك لە ڕێبازی توێژینەوە،چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- رسول،ابراهیم رسول،(2017): پێوانەو هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر، هەرێمی کوردستان.
- رسوڵ، ابراهیم رسول(2014)، دەروازەیەك بۆ وانەوتنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر
- عزیز، کریم ئەحمەد,(2021): ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
- عەزیز، کەریم ئەحمەد(2014): بنەما گشتیەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
- قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین، (2023): ستراتیجەکانی فێربوونی چالاك, چاپخانەی تاران، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆفیا، کۆیە.
- کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان ئامادەکراو لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، چاپی 2023، هەولێر.

**2- تێزی دکتۆراو نامەی ماستەر:**

- حسن، کوردستان محمد ئازاد،(2023): بەکارهێنانی چەند ستراتیجیەتێکی نوێ لەسەر دەستکەوت و گەشەی زیرەکی شوێن -بینین لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی جوگرافیا، (تێزی دکتورا بڵاونەکراوە)، بەشی کۆمەڵایەتی ،کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی.
- عارف, کارزان محمد(2023): کارایی پرۆگرامێکی فێرکاریی پشت بەست بە ستراتیژەکانی فێرکردنی جیاکاریی لەسەر دەستکەوت و گەشە پێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی جوگرافی لای خوێندکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی، تێزی دکتورا( بڵاونەکراوە), بەشی کۆمەڵایەتی,کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی.
- میکە، هەردی مەهدی(2010) : هەڵسەنگاندنی لێهاتووییەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی مێژوو لە خوێندنگە ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی،نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی .

**-سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

1- کتێب:

- أبو راضي ، فتحي عبدالعزيز (بس): الطرق الحصائية للعلوم الاجتماعية، دار النهضة العربية للنشر، بيروت لبنان.

- حافظ، عبدالرشيد بن عبدالعزيز،(2012):اساسيات البحث العلمى، الطبعة الاولى، مكتبة الملك، بغداد.
- الزاملي, على عبد جاسم واخرون(2009): مفاهيم وتطبيقات في التقويم والقياس التربوي,ط1, مكتبة الفلاح للنشر, الكويت, وەرگیراوە لە توێژینەوەی محمد ئەمین، شنۆ دەروێش،(2023): کاریگەری بەرنامەیەکی فێرکاری پشتبەست بەستراتیجییەکانی وانەوتنەوەی داهێنەرانە لەسەر گەشەپێدانی لێهاتوویی ژیریی و زیرەکی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا.
- الشجيرى، ياسر خلف و الزهيرى، حيدر عبدالكريم،(2022):اتجاهات حديثة فى القياس والتقويم النفسى التربوى ،ط1، مكتبه المجتمع العربى للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.
- شحاتة, حسن و زينب النجار(2003) : معجم المصطلحات التربوية والنفسية , الدار المصرية البنانية, القاهرة.
- شوانى، حسين شفيق(2018): أساسيات القياس والتقويم فى مجال الرياضي, دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر, عمان- الاردن.
- الظاهر, زكريا محمد, جاكلين تمرجيانو وجودت عزت عبدالهادي(1999): مبادئ القياس والتقويم فى التربية,دار الثقافة, عمان.
- عبد الرؤوف, المصري, طارق عبد و ايهاب عيسى(2017): المقاييس والاختبارات - الصميم - الاعداد – التنظيم, ط 1, المجموعة العربية للتدريب والنشر القاهرة , مصر .
- علام،د.صلاح الدين محمود،(2000): القياس والتقويم التربوى والنفسى اساسياته وتطبيقاته وتوجيهاته المعاصره،ط1، دار الفكر العربى، القاهره، مصر.
- عودة، احمد سليمان,(2001):القياس والتقويم في العملية التدريسية، ط2،دار الامل للنشر والتوزيع، أردن, عمان
- امبو سعيدى، عبدالله بن خميس والحوسنيه،هدى بن على،(2016)، استراتيجيات التعلم النشط180 استراتيجيه مع الامثلهالتطبيقيه،دار المسيره للنشر والطباعه، عمان الاردن.
- المحمودى, د.محمد سرحان علي(2019):مناهج البحث العلمي, ط2, دار الكتب, صنعاء, الجمهورية اليمنية.
- المنيزل، د. عبدالله فالح و د. عايش موسى غرايبة، (د.س)، الحصاء التربوي تطبيقات بإستخدام الرزم الاحصائية للعلوم الاجتماعية ،دارالمسيرة للنشر والتوزيع .
- ملحم، سامى محمد محمود،(2000): القياس والتقويم في التربية وعلم النفس، ،دار المسيرة، عمان,الاردن.
- الوكيل, المفتي, حلمي احمد و محمد امين(2007) : اسس بناء المناهج وتنظيماتها, ط2, مطبعة احسان,القاهرة-مصر.


**2- تێزی دکتۆراو نامەی ماستەر:**


- الخفاجى،محمد ابراهيم مهدى،(2015): اثر استراتيجية المندوب المتنقل فى تحصيل طلاب الصف الخامس العلمى لمادة الرياضيات ودافعية الانجاز لديهم، رسالة ماجستير غير منشوره، جامعة المستنصرية،كلية التربية الاساسية،
- الساعدي,زينب جلوب قاسم (2015): اثر انموذج ثيلين في تحصيل مادة الكيمياء والزكاء الاجتماعي عند طالبات الصف الثاني المتوسط, )رسالة ماجستر (غير منشورة), كلية التربية للعلوم الصرفة, ابن الهيثم, جامعة بغداد, العراق .
- السلامى, نور عباس شياع,(2018): اثر استراتيجية المندوب المتنقل فى تحصيل مادة الاجتماعيات واستبقائها عندتلميذات الصف الخامس الابتدائى، رسالة ماجستير غير منشوره، جامعةبغداد،كلية التربية ابن رشد، العراق.
- السلماني ،سجى صالح محمد،(2013): فاعليه استراتيجيه البيت الدائيري في تحصيل طالبات الصف الخامس الادبي في مادة التأريخ ، رسالة ماجستير غير منشورة ،جامعه ديالى - كليةالتربية للعلوم الانسانية.

- عاجل،سلر نصار(2019): فاعلية استراتيجيه المراسل المتنقل فى تحصيل طالبات الصف الرابع العلمي وتنمية مهارات التفكير المنظومي في مادة الفيزياء, رسالة ماجستير (غير منشورة),كلية التربية الاساسية, جامعة سومر.
- المشهدانى، رانيا محمد جسام،(221): اثر استراتيجية المراسل المتنقل في تحصيل لدى طلبة كلية التربية الاساسية/ قسم العلوم في مادة الطحالب والفطريات العلمي والتفكير الايجابي لديهم,رسالة ماجستير (غير منشورة), جامعة المستنصرية, كلية التربية الاساسية, قسم العلوم.

3- توێژینەوە:

- الشمرى،زيد بن مهلهل،(2016) :فعالية اسرتاتيجية مقرتحة قائمةعلى التعلم النشط فى تنميةمهارات التعبري الابداعي لدى تلاميذ الصف الثاني المتوسط،المجلة التربوية,العدد (44) ،جامعة حائل،كلية التربية.
- كامل، د.م. أحمد عبد البديع عبدالله،(2022)، حجم التأثير والفاعلية في البحوث التجريبية،المجلة الدولية لبحوث الاعالام والاتصالات،دورية علمية محكمة،المجلد (2) العدد (3)، مارس 2022.

- **سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

1- Heartland Area Education Agency( 2006): "Strategies And Tools For Group Processing Johnston", IA 50131-1603, Or Director, Office For Civil Rights, Chicago.

2- Kiss, H. O.(1996):statistical concepts for Behavioral science .london Sidney Toronto Allyn and Bacon.